# بـــروس ســـپرنگستین

## بۆ ئەوە لە دایك بووە، تا گۆرانی بلێ...!

ســـەفین عـەلـی



لە مانگی نیسانی سالی ١٩٧٤، رەخنەگریکی مۆسیقایی ئەمەی راگەیاند : (ئێستا بە رۆشنی رۆژی پرشنگداری (رۆك ئانـــد رۆڵ)م لەبەرچاوە، لەسەر دەستی بەهرەمەندێك كە ناوی –بروس سپرنگستین–ە)، وە بە درێژایی ئەم سالانەی دواییدا، بۆ هەمـــــووان ئاشكرا بوو كە ئەم راگەیاندنە بە شان و باڵ هەڵدانێكی پووچ نەبوو، بەڵكو خۆی زیاتر بەرجەستە كردەوە لە دەنگورەنگ و ئاواز و شیعری مۆسیقازان و شاعیر و گۆرانیبێژێك كە زیاتر لە ٣٠ ساڵە پاڵەوانێكی ناوداری ئەمریكاییە.

بروس، تەنها یەكێك نیە لە ئەستێرە گەشاوە بەناوبانگەكانی جیهانی رۆكی ئەمریكایی، بەڵكو دەنگێكی گەرم و ســـــــۆز ئامێز و پراوپر لە میهرەبانی هاورێیانەیەو بە زمانی دڵ و دەروونی هەزاران دەدوێ، هەر بۆیەش گوێگرانی بروس كە ژمارەیان لە سەد هەزار تێپەر دەكات لە هەر كۆنسێرتێك، بە كەسێكی نزیكی خۆیانی دەزانن و نازناوی (ســەرۆك)یان (پاڵەوانی خەڵكی كرێكار)یـــان بۆ داناوە یان زۆر بە سادەیی وەك كەسێكی نزیكی خۆیان پێی دەڵێن (بروســی).مۆسیقا و گۆرانی (بروس)یش تێكەڵێكی گونجاو و تێك هەڵكێشێكی زۆر شیرینی نەریتەكانی (ئەلڤیس بریسلی)و (جیم هاندرێكس)و (مایك جاگەر)ن، هەروەها شیعرەكانیشی لە بەرهەم و شیعری شاعیرانی ناوداری وەك (بۆب دیلان)و (جۆن لینۆن)كەمتر نین...بروس خاوەن بیرو باوەر و بۆچوونی تایبەت بە خۆیەتـــی دەربارەی ژیان و مۆسیقا و هونەر بە گشتی و بەهرەمەندێكە كە هەمیشە شتی تازەی لا دەست دەكەوێ، لەوانەیە دیارترین تایبەتمەند –یەكانی بەرهەمی هونەری بروس لەوەدابێت كە ئەو قورسایی رۆژە سەختەكانی تەمەن و خەم و نەفرەت و خەون و لەزەت و خۆشـــــی كەسانی زۆر سادە و ئاسایی باس دەكا و لە یەك چوارچێوەی هونەری لێواولێو چالاكی و سەرنج راكێشەر و هەڵقوڵیو پێشكەش دەكـــــات.

هەروەها قووڵبوونەوەی زیاتر لە كەسایەتی ئەمریكایی و رۆشنایی خستنەسەر سووچە تاریك و شاراوەكانی و دەنگ هەڵبرین بـــــــۆ شلەقاندنی گۆمی مەییوی بارو دۆخی ژیان و گوزەران و هەستەكانمان، لە سایەی سێبەری هەورە بەدرووەكانی جیهانی سەرمایەداری.

بروس، پێی وایە مۆسیقا دەبێ خۆی بۆ خۆی بدوێ، هەر بۆیەش لە ٣٠ ساڵەی تەمەنی هونەریدا ژمارەی چاوپێكەوتنەكانی لـە پەنجەی دەست تێ ناپەرن، ئەوە بێجگە لەوەی میدیاكان هەمیشە هونەری جیددی و راستەقینە دەشارنەوە.شێوازی مۆسیقایی بروس لە نێوان چەند شێوازێك دەخولێتەوە، لەوانە گۆرانی رۆك كە گوێگر بێ ویستی خۆی لەگەڵ ئاوازەكانی هەڵئەفرێ و فێنكاییەكی زۆر ئارام دەبەخشن، ئەوە بێجگە لەو ئاوازە ناسكانەی كە لە گۆرانیە میللیەكان و مۆسیقای جاز سروشیان وەرگرتووە.

رەخنەگری مۆسیقایی (ستیڤن هۆڵدن)دەڵێ : ((مۆسیقای بروس یەكتر بەستنەوەیەكی گونجاوی رۆكی ئەمریكایی و بە تایبەتـــی چێژی ئاوازەكانی – بلوز–* ی لادێی ئەمریكایی لە مۆسیقای (جاك بێری)و شیعرە میللیەكانی (بۆب دیلان)و رۆحیەتی باشووری ئەمریكایی لە ئاوازەكانی (ئۆتێس دیدنگز)و هەراوزەنای گۆرانی هەرزەكاران لە بەرهەمەكانی (فیل سبكتار)ە)).بروس بــــــیرۆكەی گۆرانیەكانی لە فۆرمی جیا جیای مۆسیقای میللی ئەمریكایی وەردەگرێ، بەڵام رۆڵێكی گرنگ دەگێرێ لە دووبارە پێناســـــــــەكردنەوەی مۆسیقای هاوچەرخ..هەر بەو جۆرە تەوژمێكی تازەی بەخشی بە مۆسیقای رۆك و تایبەتمەندیەكی ئاهەنگ ئامێزی بە سەردا زاڵ كرد،

ئەمە جگە لە لایەنی هەست و نەستێكی كۆمەلایەتی كەوای لە ئاوازەكانی فۆلكلۆر كردووە ببێتە بەشێكی نەپچراوەی شێوازی مۆسیقای [ رۆك].

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی گۆرانیەكانی بروس، چیرۆكی دڵخۆشكەر و پر لە جووڵەو چالاكی و چاونەترسی تیایە دەربارەی هاورێیەتی و رۆمانسیەت و گاڵتەجاری رەخنەگرانە، بە هەمان شێوەش رووداوی ئاڵۆزو سەرسامی تیا بەدی دەكرێ دەربارەی بەسەرچوون و پوكانەوە –ی شێوەی ژیانی سادەی شارۆچكەكان و توانەوەیان لە نێو شارە گەورەكان و زوڵم و ستەم و تاریكی و گەرەكە هەژارەكان و خەونە لەبار چووەكانیان...گۆرانیەكانی پرن لە هەستی نارەزایەتی و گومان و گیانی بەربەرەكانێ و روو بە روو بوونەوە، سەرباری ئازارو دڵتەنگی و نیگەرانی، بانگەوازی ململانێی ستەم دەكا و دژ بە شەرە نەپساوەكان و راسیزم دەنگێكی بەرزە، هەوڵی بێ وچان بۆ دەست لەملانێی ئامانجەكان و ماچكردنی نێوچەوانی خەونەكان و هەرگیز رێگا نەدەین جیهانی رۆحمان تاریك و تەریك بێ و دڵمان ورد و خاش بێ،



www.kurdistannet.org

له ئه‌لبومی گۆرانیه‌کانی سالی ١٩٧٨ که به ناوی [ تاریکی له که‌ناری شاره ] دا ده‌لێ :[ من بڕوام به‌سه‌ر زه‌مینێکی تره، زه‌مینـــــی مـــژده پـــێ دراو].

بروس کوڕی خێزانێکی هه‌ژار و ده‌سکورت بوو، له ٢٣ ئه‌یلوولی ١٩٤٩ چاوی به ژیان هه‌ڵێناوه له [ فری هۆڵد–نیو جێرسی]، لـه له خێزانێکی پێنج که‌سی، به ته‌نیاییه‌کی دیاره‌وه نه‌شونمای کردووه، باوکی به پاسه‌وانی و شوفێری تاکسی و کرێکاری هاوشان له‌گه‌ڵ دایکی که له ئۆفیسێك کاری ده‌کرد مناڵه‌کانیان به‌خێو ده‌کرد..سه‌ره‌تای ژیان و گه‌نجیه‌تی بروس له ناوچه‌ی فری هۆڵد بووه، ئه‌مه‌ش شارێکی پیشه‌سازییه، ٢٥ کم له که‌ناری ئه‌تڵه‌نتیکه‌وه دووره، له زۆربه‌ی گۆرانیه‌کانی بروس سیمای ئه‌م شاره ده‌رده‌که‌وێ..ڕێگـــــای دوور و درێژی ئه‌م هونه‌رمه‌نده بۆ ناوبانگ هه‌ر له‌م شاره‌وه ده‌ست پێده‌کات.کاتێ بۆ یه‌که‌مجار له ڕادیۆ گوێی له گۆرانیه‌کانی ئه‌لڤیس بریسلی بوو، وه‌ك بلێی سیحری لێکرابێ، گه‌یشته ئه‌و بڕوایه‌ی که‌وا مۆسیقای ڕۆك ئاند ڕۆل به ژیانه‌وه گرێی ده‌دا و ڕاستگۆییه‌کـــــی که‌م وێنه له ئامێز ده‌گرێ....له ١٩٥٤ دایکی گیتارێکی بۆ کڕیبوو، دوای ده ساڵ، ده‌ماره‌کانی بروس و ژێکانی گیتاره‌که ئاوێتــــــه‌ی یه‌کتر ببوون و لێك جوێ نه‌ده‌کرانه‌وه.هه‌ر له هه‌رزه‌کاریدا، بروس به‌شداری له چه‌ندین تیپی مۆسیقای ناوچه‌که‌دا کردو له‌وانه تیپی [ستیل میل] که بۆ یه‌که‌م جار گه‌شتێکی مۆسیقاییان ئه‌نجام دا و سه‌ره‌تای ناسراوی بروس له ئه‌مریکا به‌و گه‌شته ده‌ستی پێکرد.

***ئـــــــه‌لـــــبومه‌کان:***

* یه‌که‌م ئه‌لبومی گۆرانیه‌کانی، له کانوونی دووه‌می ١٩٧٣ تۆمار کرد و بڵاو کردووه، کاتێ له‌گه‌ڵ هاوڕێ کۆنینه‌کانی نیوجێرســـی تیپی مۆسیقای[شه‌قامی–ئه‌ی] ه‌یان پێك هێنا و ناونیشانی ئه‌لبومه‌که‌شیان[سڵاو له ئه‌سبوری پارکه‌وه–نیوجێرسی]بوو...ڕه‌خنه‌گـــره مۆسیقاییه‌کان پێشوازییه‌کی چاکیان لێکرد و گرنگیان پێدا.

* له پاییزی هه‌مان ساڵدا ١٩٧٣ ئه‌لبومێکی تریان تۆمارکرد به ناوی [کێوی و بێ گوناح ] و بڵاویان کردووه، ئه‌م ئه‌لبومه تـــــا ماوه‌یه‌ك گوێی لێگیرا، به‌ڵام کۆسپ و ته‌گه‌ره‌ی ناوداری و قازانجی بازرگانی ته‌مه‌نیان کورت کردووه.

* له ئه‌یلولی ١٩٧٥، تیپه‌که‌یان هاته‌وه بۆ ستۆدیۆ و ئه‌لبومی سێیه‌میان تۆمار کرد، که له ڕاستیدا ڕه‌وتی مێژووی مۆسیقای ڕۆکـــی له ئه‌مریکادا گۆڕی و وه‌رچه‌رخاند، له ژێر ناونیشانی [ بۆ ئه‌وه له دایك بووه، تا ڕابکـــــات] یلاویان کردووه..که تیایدا چیرۆکـــی بێزاری و بێئومێدی و ئاره‌زوویه‌کی ڕاستگۆیانه ده‌گێڕێته‌وه، ده‌ڵێ :

ڕۆژانـــــــــــه، له‌سه‌ر ڕێگای
خه‌ونێکی هه‌ڵاتووی ئه‌مریکایی ڕه‌نج ده‌ده‌ین...
شـه‌وانه‌یش، ڕێگا ده‌کوتینه‌وه
له نێو کۆشك و ته‌لاری ئامێره‌کانی خۆکوشتن...
گوڵه‌که‌م،
ئه‌م شاره کۆڵه‌گه‌ی پشت ده‌کرۆژێ
ته‌ڵه‌ی مه‌رگه ئه‌مه، زه‌نگی له‌نێوچوونه...
چونکه ئێمه‌ی نه‌دار،
هه‌ر بۆ ئه‌وه له دایك بووین، تا ڕا بکه‌یـــــــن
تا غـــــار بده‌ین............

* له هاوینی ١٩٧٨ ده‌ستی به تۆمارکردنی ئه‌لبومێکی تر کرد، له‌ژێر ناوی [ تاریکی، له که‌نار شاره]، ئه‌م ئه‌لبومه ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ئازار و دڵته‌نگی تایبه‌تی بروس بوو به‌هۆی کێشه‌ی نێوان خۆی و به‌ڕێوه‌به‌ری کار و باره‌کانی [ مایك ئابڵ] و هه‌روه‌ها مه‌ترسیشی لـه‌و به‌ناوبانگ بوونه سه‌ڕسوڕهێنه‌ره، تا ڕاده‌ی ئه‌وه‌ی بڵێ ( (که‌وتوومه‌ته نێو ده‌وروبه‌رێکی زۆر ئاڵۆز که هیچ سه‌ری لێ ده‌رناکه‌م))...لێره بروس باس له تراجیدیای تایبه‌تی خۆی و لێك ترازان و وازهێنان له پرنسیپه‌کان ده‌کات، هه‌وڵی زیاتر بۆ له ده‌ست نه‌دانـــــــــــی حه‌ماسه‌ت و هیواکان، باس له ئه‌مریکا ده‌کا وه‌ك چه‌ند پانۆرامایه‌کی پان و به‌رین و پڕ له ته‌مومژ و بریقه‌دار که به چه‌ند کاره‌ساتی دڵته‌زێن و سه‌رکه‌وتنی تایبه‌تی چه‌ند که‌سێك پینه کراوه.

* له کانوونی دووه‌می ١٩٧٩، بروس خۆی به ته‌واوی گرێدا له‌گه‌ڵ کێشه کۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسیه‌کان و به چالاکی به‌شداری لـــــــه‌و ناڕه‌زایه‌تیه گشتیه کرد ده‌رهه‌ق به مه‌ترسیه‌کانی هێزی ئه‌تۆمی، بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش، له ئه‌یلوولی ١٩٧٩ به‌شداری له پێنج ئاهه‌نگی مۆسیقایی کرد له نیویۆرك، به درێژایی چه‌ند ساڵی دواتریش بروس زمانحاڵی بلیمه‌تی سه‌ربازه په‌ك که‌وتووه‌کانی شه‌ڕی ڤێتنام بوو، به ئاشکرا لایه‌نگری له بێکار و بێ لانه‌کان ده‌کرد و به‌شداری چاکیشی ده‌کرد له‌و یارمه‌تیانه‌ی بۆیان کۆ ده‌کرایه‌وه.

* له كانوونی یه‌كه‌می ١٩٨٠، ئه‌لبومێكی تازه‌ی تۆمار كرد به ناوی [ڕووبار ]، هه‌ر دوای دوو هه‌فته پله‌ی یه‌كه‌می هێنا له بازاڕی تۆمارگاكان، ته‌نانه‌ت گۆرانی [ دڵێكی برسی] لووتكه‌ی گۆرانیه‌كانی ئه‌و ساڵه‌ی هێنا.

*له تشرینی یه‌كه‌می ١٩٨٢، ئه‌لبومی (نبراسكـــا)ی تۆمار كرد، كه بریتی بوون له ده گۆرانی و ئه‌م ئه‌لبومه زۆر جیاواز بوو لــه ڕووی ئه‌وه‌ی گۆرانیه‌كانی زۆر خه‌مبار بوون هه‌ر خۆیشی به گیتار و هارمۆنیكا مۆسیقا ده‌ژه‌نێ و به ته‌نهایش گۆرانی ده‌ڵێ.

* له ئایاری ١٩٨٤، سه‌ركه‌وتووترین و به‌ناوبانگترین ئه‌لبومی كه‌وته بازاڕه‌وه به ناوی [ له ئه‌مریكا له دایك بووه].ئه‌م ئه‌لبومه دوانزه گۆرانی تیایه، چیرۆكی سه‌ربازێكی بێكاری به‌شداربووی شه‌ڕی ڤێتنام ده‌گێڕێته‌وه.ئه‌م ئه‌لبومه له ماوه‌ی ساڵێكدا بیســـــــت ملیۆنی لێ فرۆشرا و چوارده مانگیش له گه‌شتێكی جیهانیدا پێشكه‌شی كرد، گۆرانی (دامپۆشه)پله‌ی یه‌كه‌می هێنا له ئه‌مریكـــــــا و به‌ریتانیا.

له‌و گۆرانیه ده‌ڵێ :

ئه‌م ڕۆژگاره بێ دڵه، هه‌روا دڵڕه‌قتر ده‌بێ
ئه‌م جیهانه بێ گیانه، نینۆكی درێژتر ده‌بێ
درنده‌تر ده‌بێ....
دامپۆشه، بچكۆله‌كه‌م دامپۆشه....
باو به‌فر و تۆف و باران، له‌ودیو ده‌رگان...
گوێم له زریكه‌ی گه‌رده‌لوولیكی سه‌ركێشه..
چراكان كز كه، ده‌رگا با بخه‌وێ..
ئیتر ناچمه ده‌ر، چاوانم پڕ بوون
هه‌موو دونیا ده‌یه‌وێ، به‌سه‌ر شتێكا، كه‌سێكا سه‌ركه‌وێ
هیچ ئه‌ماوه چاوی بۆ هه‌ڵبێنم...دامپۆشـــــــــــــــــه.....

*له ساڵی ١٩٨٦ كۆكراوه‌ی گۆرانیه‌كانی نێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٨٥ بڵاو كرده‌وه.

*له ١٩٨٧ ئه‌لبومی (تونیلی خۆشه‌ویستی)بڵاو كرده‌وه.

*له ١٩٨٨ ئه‌لبومی (زه‌نگی ئازادی)بڵاو كرده‌وه.

*له ١٩٩٢ سێ ئه‌لبومی بڵاو كرده‌وه [ هه‌ستێكی مرۆڤانه]، [ شارۆچكه‌یه‌كی به‌خته‌وه‌ر] كه له‌وێدا باس له شه‌ڕی كه‌نداو ده‌كات، هه‌روه‌ها ئه‌لبومی [ داخراو]ی له هه‌مان ساڵدا بڵاو كرده‌وه.

* له ١٩٩٤ دووباره ئه‌لبومی [ بۆ ئه‌وه له دایك بووه تا ڕابكات ] بڵاو كرده‌وه.

*له ١٩٩٥ هه‌ڵبژارده‌یه‌كی بڵاو كرده‌وه له گۆرانیه‌كانی پێشووی.

*له ١٩٩٥ ئه‌لبومی (خێوی تۆم جۆود)بڵاو كرده‌وه.

*له ١٩٩٨ هه‌لبژارده‌یه‌كی تری بڵاو كرده‌وه.

*له ١٩٩٩ بروس له‌گه‌ڵ گروپه كۆنه‌كیدا ١٨ گۆرانیان تۆمار كرد و هر به‌و ناوه‌ش بڵاویان كرده‌وه.

*له ١٩٩٩ تازه‌ترین ئه‌لبومی له‌گه‌ڵ گروپه‌كی تۆمار كرد به ناوی [ به‌ر له ناوبانگ]

بروس سپرنگستین تا ئێستا چه‌ندین جار خه‌ڵاتی به‌ناوبانگی [ گرامی] وه‌رگرتووه، باشترین ئه‌لبومی (فۆلك)بۆ ئه‌و تازه‌گه‌ریانه‌ی كه‌وا دایهێنا، هه‌روه‌ها ئه‌و گۆرانیه‌ی به نێوی (جاده‌كانی فیلادلفیا)كه بۆ فلیمێكی نووسی كه هه‌مان ناوی هه‌بوو چه‌ندین جار خه‌ڵات كراوه.

بروس له‌م مانگه ٥٣ ساڵ ته‌واو ده‌كات و هێشتا ده‌نگه به سۆزه‌كه‌ی هه‌زاران خه‌ڵك مه‌ست ده‌كات و له‌گه‌ڵ گروپه‌كه‌ی هه‌میشه لـــــــه گه‌شتی مۆسیقایی به‌رده‌وامن، له ئاهه‌نگه‌كانی ئه‌منیستی ئه‌نته‌رناشناڵ ئازیزترین میوانه و له كۆنسێرتی دژ به راسیزم ده‌نگێكه باس له ئازادی و خۆشه‌ویستی و عه‌داله‌ت ده‌كات.

كه‌نه‌دا ٢٠٠٢

---

* بلوز : خه‌فه‌ت، گۆرانی خه‌مناكی ئه‌فریقاییه-ئه‌مریكیه‌كانه.

* بۆ زانیاری زیاتر : /http://www.brucespringsteen.com

* سوپاس بۆ هاوڕێی ئازیزم (ئاودێر كاكه‌ی فه‌لاح)بۆ یارمه‌تی له ئاماده‌كردنی ئه‌م بابه‌ته.



www.kurdistannet.org